ئامادە کردنی:

# ناوەندی کوردeکا


بۆکان:

محەمەد ئەمین شاسەنەم: ٦٢٢١٣٤٠

عەلی جەوشەنی: ٦٢٤٢٩٢١

E-mail: nawendikurdika@yahoo.com




This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# بزەی خاک

شێعر

# عەلی گوڵی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

**بزەی خاک**

**عەلی گوڵی**

**شێعر**

**پیتچن:** ناوەندی کوردەکا

بۆکان، پاساژی عەباسی ☎ ٦٢٤٣٤٢٥

**رووبەرگ:**

**ئەژمار:**

**چاپی یەکەم، ١٣٨٤**

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# نێوەرۆک


فرمێسکی شێعر........................................٦
ژوان........................................٩
دیل........................................١١
ئاوری دووری........................................١٢
بێرەوە........................................١٣
داخی دووری........................................١٤
پەروانە ئاسا........................................١٦
چوارینە........................................١٧
مناڵێکی بێ دایک........................................١٩
مرۆڤی ئازا........................................٢١
تاسە........................................٢٢
نەورۆز........................................٢٤
بزە........................................٢٥
ماڵ ئاوایی........................................٢٦
شەوەزەنگ........................................٢٧
شەهید........................................٢٩
؟!........................................٣٠
موچڕک........................................٣١
؟!........................................٣٢



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

«...» ........................................ ٣٣
خاک ١ ........................................ ٣٤
خاک٢ ........................................ ٣٥
ژیلەمۆ ........................................ ٣٦
«...» ........................................ ٣٨
بزەی ژیلەمۆ ........................................ ٤٠
بۆ زانیاری کورم ........................................ ٤٥
تاڤگە ........................................ ٤٧
تیشکی بەیان ........................................ ٤٨
سنوری شاعیر ........................................ ٤٩
ئێمەی خاوەن مێژوو ........................................ ٥١
دەریا ........................................ ٥٣
هەڤاڵ ........................................ ٥٤
(....) ........................................ ٥٥
باخچەی هەرمانی موکریان ........................................ ٥٦

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# فرمێسکی شێعر

ئەگەر مەیلەکەت فەرامۆشم بێ
سپیدەی کفن باڵاپۆشم بێ
فۆلکلۆر

**بۆ یەکەمجار کە تۆم ناسی**
**ئەی مامۆستای کۆرپەی شێعرم!**
**ئەتۆ چەند شارەزایانە دەستت گرتم،**
**کە بە پەیژی خۆشەویستییا سەرکەوتم**



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بزەی لێوت
هەتاوێ بوو،تیرێژەکەی
رووناکی کرد کۆڵانی هەنگاوی هیوام
چاوەکانت فێریان کردم
کە ئاشقی ئاووخاک بم
پەنجەکانت ئەو کاتەی پێنووسی دەگرت
رازی زامی دەروونی شاعیرێکی
وڵاتی بەفر و بارانی بۆ دەنووسین!
ئەی ئاوازی بەستەی شێعرم
بۆ جێتهێشتم!
بۆ کۆچی تۆ
لەگەڵ باهۆزی برک و ژان
شەو تا بەیان
لە هەر شوێنێ ژوان دەگرم
دێراوی زامەکانم...ئاخ
پڕن لە فرمێسکی شێعر و
بە هەنسکی گریانی پەپوولەی رۆحم
لەگەڵ کۆچی شالووری خەیاڵەکانا
بە پەنجەی ئازاری دڵم



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تێلەکانی تاری سینەم دەلەرزێنم

لە ئاهەنگی زەماوەندی

دوو کۆتری باڵ نەخشینا

گۆرانی ئەسرین و خەفەت

دەڵێمەوە

بۆ بە جێتهێشتم!



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# ژوان

شەوێکی ئەنگوستەچاو
تۆفـوبەندە
لەبەر تەوژمی رەشەبا
شۆڕەبی بەژنم بۆ زەوی کڕنۆش دەبا
ئەسپی زریان
تووڕە و یاخی چەپۆکان دەکا
لە مەزرای سام لێنیشتووی خەیاڵمدا



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕێبوارێکم
بەرەو هەوارگەی ئەوین ڕێگا دەبڕم
پشووم سوارە
زایەڵەی تاری سینەکەم
هەوای ناهومێدی دەچڕێ
هەگبەی رازونیازم لە کۆڵم ناوە و
لە کوێرە ڕێییێکی بەردەڵان و هەڵەت و
پڕ لە هەوراز و نشێو هەنگاو دەنێم و
ڕوودەکەمە شاری ئەوین
شار خامۆشە
لە دوور ترووسکەیێک دیارە
پەپوولەیێک لە دەوری چرا ئەسووڕێ
بۆکڕوزی باڵەکانی تێکەڵ ئەم شەوگارە دەبێ
هەنگاوشل و ماندوو و شەکەت
هێدی.....هێدی
بۆ لای ڕووناکی دەخزێم
لە ناکاو دەستێکی نەرم
دەستم دەگوشێ...

بۆکان ١٣٧٤/١١/١٩



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# دیل

پێشکەش بە هەموو کچە دیلێک؛
بە تایبەت: لەیلا زانا

**هەڵۆیەک**
**لە قەفەسدا**
**هەرکە چاوی هەڵدێنا**
**بەرەو ئاسمان**
**تێلەکانی قەفەسی دێنا لەرزین**
**ئاخ!! ئاخ!!**
**فڕینی وشەیەک**
**هەر تەنیا وشەیەک**
**بە لێواری چیای گەروومەوە**
**بەندە**
**چاوەڕوانی چاوی**
**پەنجێرەی بەیانە**
**بەیانە.....**



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# ئاوری دووری[1]

لە نێو جۆگەی دەمارم دای وەکوو ڕۆح و ڕەوان و گیان
قەد و باڵات وەکوو مەحشەر، چ مەحشەر، مەحشەری دەوران
چەمانت سێحرە ئازیزم چ سێحرێ؟ سێحری کوففارە
چ کافر؟ کافری ڕێگر، چ ڕێگر؟ ڕێبڕی ئیمان
دەمی تۆ خونچە، کام خونچە؟ گوڵێکی تازە پشکوتوو
چ پشکووتن؟ کە ڕازاوە بە تیشکی دیمەنی کوێستان
گڕی بەردا دڵم ئاور، چ ئاور؟ ئاوری دووری
چ دووری؟ گیانەکەم! دووری لە باخی جوانی کوردستان
«گوڵی» دڵ هەڵپڕووزێنە بە شوعلەی گەرمی دڵداری
چ دڵ؟ ئەو پارچە گۆشتەی وا عەشق کردوویە سەرگەردان

١٣٦٨/٢/١٥



[1] – ئیلهام لە شێعرێکی فارسییەوە.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# بێرەوە

دڵ غەریب و لانەوازە هاودەم و یاری نییە
تا بەیان شیوەن دەکا کەس گوێی لە هاواری نییە
دڵ شەپۆلی بەحری ژان و دەردە بێ تۆ چاوەکەم
وێڵی ساحیلی حەز و هیوایە:دڵداری نییە
چۆن دڵی تینووم ئەوین و حەز لە ماسی فێربووە
ئاوی تۆ:بێ تۆ بەغەیری مردنێ چاری نییە
گەردەلوولی بێ وەفایی گەر گوڵی دڵ هەڵکەنێ
خۆشەویستی تۆ لەلام: بێ تۆ دڵم یاری نییە
تا بە کەی ئازار و ژانی خەم بسووتێنن لەشم
بێرەوە خامۆشی کە:چۆن بێ تۆ خەمخواری نییە
ئەو دڵەی دیل و بریینداری «گوڵی» تۆ وەرگرە
بیبە بیلاوێنەوە چونکە ئەویینداری نییە

١٣٧٠/١٠/٢٨



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# داخی دووری

داخی دووری دایمە زامی دڵ وەسۆ دێنێتەوە
دڵ بەوێنەی شەم بە یادی تیشکی رووت دەتوێتەو
یا بەوێنەی خونچەییێک وا گێژەبا دەڕنێ قژی
وەک گەڵای زەردێ کەوا دەستی لە دار بووبێتەوە
یا وەکوو ماسی کە گۆمی ئارەزووی لێ لێڵ ئەکەن
یا وەکوو کارمامزێ وا هەڵوەدا دەخولێتەوە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

یا وەکوو ئەییووب کە جەستەی کرمی تێدا بێ هەموو
جەستە خەستە و بێکەس هەردەم بێتەبیب بتلێتەوە
یا وەکوو یاقووب لەتاو گۆشەی جگەر کوێر بوو چەمی
قاسیدێک نایە شیفای چاوی لەبۆ بێنێتەوە
یا وەکوو «دێوانە»ئاسایی لە دوای کۆچ و هەوار
هەڵکزێ وەک شەم، بە شێعری شەم بلاوێنێتەوە
وا«گوڵی»ش هەردەم لە دووری تۆ لەگەڵ ژان و خەما
شەو بە لای لایەی شێعر ملوێنکی خەم دەگرێتەوە

۱۳۷۰/۱۰/۲۳



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# پەروانە ئاسا

بە ژان و دەردی دووری تۆ گوڵم بیمارم ئەمشۆکە
ئەڕێژم ئەشکی دوو چاوی وەکوو رووبارم ئەمشۆکە
بە چەشنی ماری زامار بێقەرار خۆم هەڵئەپێچم من
دەناڵێ چەشنی نەی هەردەم دڵی زامارم ئەمشۆکە
وەکوو یۆسف لەناو چاڵی رەش و تاریکی حەسرەتدا
نییە کاروان چییێک تاکوو بێتە هاوارم ئەمشۆکە
«گوڵی»پەروانە ئاسایی دەسووتێ ئەو دڵەی دیلی
دڵی تاریکی شەو شەق بوو،ئەمن بێدارم ئەمشۆکە

١٣٧٠/١١/٢١



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# چوارینە

بە ئەوینی تۆ گوڵم، چەشنی لە خۆم بێخەبەرم
دەس لەتۆ هەڵناگرم،شەرتە کە بشدەن لە سەرم
گەردەلوولی خەمی تۆ،وا سڕ و گێژی کردووم
وەکوو بابڕدەڵەییێک وێڵە دڵی دەربەدەرم

بۆکان ١٣٧٠/١٢/٢٢

کوژاوە چرای رۆشنی ماڵی دڵەکەم
هەتوانی دڵی پڕلەبرین و کوڵەکەم
بولبولی وەرزی خەزانم دەگەڕێم مات و خەمین
وێڵ و ئاوارەیە دڵ دایمە لە شوێن گوڵەکەم

بۆکان ١٣٧٠/١٢/١٨



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

چ سانا رۆیی لە دەستم نەوجەوانی
هەتا پیری نەهات قەدرم نەزانی
کە ئێستا باغی عومرم هەڵوەریوە
مەلی شادیم لە ژیندا هەڵفڕیوە

٧٠/١١/٥

رۆژگارم سەراسەر ژان و غەم بوو
چیای ژینم سەراسەر هەور و تەم بوو
ژیانم وا بوو ئەی پێنووس بنووسە
کە ساوا بووم کوڵ و غەم رەورەوەم بوو

شێعرەکانم پاکی رووداوی ژیانی تاڵمن
یادگاری رۆژگاری بیری کرچ و کاڵمن
هەست و سۆزی ئەو دڵەی پڕ ژان و ناکامی منن
فیلمی رابردووی ژیانن، شاهیدی ئەحواڵمن



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# منداڵێکی بێ دایک

منداڵێکی کز و بێ ناز و خەمگین
باوەژنی بوو دڵپڕ رقوقین
بە شەو و بە رۆژ کاری گریان بوو
خۆشی ژیانی لێ بە تاڵان چوو
هاواری دەکرد رۆژ تا ئێوارە
نییە دڵسۆزێ بۆ ئەو هەژارە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەڕێژێ تکتک فرمێسکی چاوی
کزەی هەناسەی جەرگی سووتاوی
چونکە ئەو هیوای لە ژین بێبەش بوو
بەختی هەروەک شەوانی رەش بوو
ماڵی ژیانی پڕ ببوو لە داخ
ئەندامی ژاکا وەکوو گوڵی باخ
شەوێ لە شەوان مانگی رێبەندان
پڕ بوو لە بەفر شەقام و کۆڵان
هیوا کەس نەبوو کە دەستی بگرێ
تا لەبەر سەرمای ئەو شەوە نەمرێ
لە کاری گەردوون من سەرم سوڕما
منداڵی بێدایکی واکوشت لە سەرما



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# مرۆڤی ئازا

مرۆڤی ئازا ئیمان پۆڵایە
لە حاندی زاڵم بە چۆکدا نایە
مرۆڤی خۆپڕیش هەر ساتوکاتێ
لە هەر شوێنێ بێ وەک پووشی وایە
خۆی راناگرێ لە بەردەم بادا
پیاوی بەوزەش داربووز ئاسایە
بەجۆرێ زەوی دەگرێتە باوەش
بە هیچ باهۆزێ لە ریشە نایە
کردەوەی چاک و شێوەی ئینسانی
قەت لە بیر ناچێ هەر لە دڵ دایە

بۆکان ١٣٧٠/٢/١٨



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# تاسە

لە دووری تۆ
مەلی شێعرم
هەڵوەریوە باڵ و پەڕیان
گۆمی چاوم شەپۆل دەدا و
ماسی ئاواتەکانم کاس و بێ هیوا
هەر گێژ دەخۆن



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

جەستەی لاواز و بێهێزم

بە تەوژمی پەژارەی دووریت دەلەرزێ

شەختەی ئازار

گوڵاڵەی گەشی خەیاڵم دەژاکێنێ

گژەبای سڕی جودایی

گەڵای یادی رابردوومان

بەرەو گۆڕی ناهومێدی دەڕفێنێ

١٣٧٤/١١/١٠



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# نەورۆز

کاتێ ئاگر هەتاوی سەر لێوی دەپشکوێ

منالّە رووت و برسییەکان

بە چەپکێ گولّی گەزیزە

باوەشێنی رۆحی دەکەن

پۆلۆی دەروونی

بزەی دێ

١٣٧٦/١/١٤



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# بزە

پەپوولەیێک

لە کازێوەی بەیانیدا

بە ئاونگی وەنەوشەی لاجانگی بەردێک

دەسنوێژی گرت و

سوژدەی برد بۆ خونچەیێک

خونچە ویستی لێو ببزێوێ و چاوی هەڵێنێ...

هەتاو وتی:

جەخار،جەخار

لە وڵاتی مەم و زینا

یاساغە بزەی ئەویندار!



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# ماڵ ئاوایی

دەمەو بەیان
پەنجەی نەرمونیانی سروە
هێورهێور خۆنچەییێکی رادەژەنی
لەپڕ لە خەو راچەنی
هێشتا چاوی گەرمی خەو بوو
تنۆکی روونی شەونمی لێ نەتکابوو
چاوەڕوانی بزەی خۆر بوو
کتوپڕ گێژەڵووکەیێک
پەلکی روومەتی هەڵوەراند
بزەی سەر لێوی بوو بە ئاخ
بە دوانیگای ژاکاوی خۆی
چاوێکی لە هەتاو کرد و
ماڵ ئاوایی دەکرد لە باخ



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# شەوەزەنگ

هەموو شەوێ
لەبەر ئێشو ئازاری زامی ئەم دڵە ئاوارەیە
خەو لە چاوانم دەزڕێ
هەردەم مەلی لانەوازی وەرزی سەوزم
ئاهەنگی خەفەت دەچڕێ
قەسابەکانی ئەم سەدە
بە چەقۆی ژەنگگرتووی مێژوو
جەستەی سڕی ئەم وەرزەم زامار دەکا و
بە تەوری قینو بوغزیان
داری سەوزم بنبڕ دەکەن



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کۆتری باڵسووتاو لە لانەی
رووخاوی ژین دەتارێنن
مێژووی هەموو میللەتەکان چوار وەرزەیە
مێژووی ئێمەش:
تەنیا وەرزی شەختە و باهۆز و زریانە
خوێنی دڵیش...
جارەزۆنگی بێ هەتاوە !
کەشی نایەتەوە زامی
نیگام نیگای ئەو مەلەیە
کە هەر چوار دەوری تێلبەندە و
دڵ پڕ لە تاسەی چیمەنە
مەل و ئاواز
ئەستێرە و مانگ
شێعر و پەپوولە و گۆرانی
یاساغە لە ئاسمانی بێ هەتاوی هەڵەبجەدا؟

١٣٧٦/١٠/٢٢



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# شەهید

لە وڵاتی ئێمە کە ئەویندارێ
زامار دەبێ
پەپوولەکان لە دەوری رۆحی شەکەتی
سەما دەکەن.
کە گوڵێکیش هەڵدەپڕووکێ
هەزاران خونچە دەپشکوێ!
کە مانگێکیش ئاوا دەبێ
هەزاران هەزار ئەستێرە
لە ئاسمانی شارەکەمان
گوڵ دەکەن و پێدەکەنن!!!



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## !؟

هەڵۆییێک!

لەسەر دوندێک

خەونی بە مانگ و ئەستێرە و

بە ئاسمانەوە دەبینی

کە ڕاچەنی

تەڵەداو بوو

هەر چوار دەوری

١٣٧٩/١/١



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# موچڕک

که تەورێک
داربەڕوو دەجنێ
ئازاری زامی خاکە وا
تۆپی زەوی
دەهەژێنێ!

بۆکان ـ ١٣٧٩/١/١



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# !؟

لە ساڵڕۆژی
جێژنی لە دایکبوونی وشەکاندا
چی وشەی جیهانە کۆبوونەوە
هەر وشەیێک
بەسەرهاتی
خۆی و
بیرەوەرییەکانی نووسی
تەنیا وشەیێک کە بێناو بوو
ناوی من بوو!!!

١٣٧٩/١/٢



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

«...»

کاتێ ڕۆحی شەکەتم

دەچەوسێتەوە،

پۆلووی زامەکانم

سارێژ دەبنەوە،

پەپوولەی خەونەکانم

لەسەر چڵی گوڵ ئارام دەگرن،

کە منداڵە ڕووت و برسییەکان

هەتاوی سەر لێویان

دەپشکوێ...

بۆ لەتێ نان!!!



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# خاک ١

لەمێژە پەپوولەی چاوەڕوانم
چاوەڕوانە
کە سەوزی سەوزم چرۆ کا
هەستم هەستی جووڵانەوەی
کانییە..................کانییە
نیگام نیگای چاوەی خێزەڵانە
بۆ ئاو..................ئاو
هەنگاوم هەنگاوی ماسییە
بۆ دەریا................دەریا
گەرووم گەرووی هاواری هەورە برووسکەیە
بۆ ڕاژانی خاکە.....................خاک!!!؟



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# خاک٢

به منداڵی

بۆ یەکەمجار کە چوومە قوتابخانە

مامۆستا وتی:

مناڵەکان بنووسن دایە،بابە

کە دەستم پێنووسی گرت

یەکەمجار نووسیم خاک: خوێنم

دووەمجار نووسیم دایک: گیانم

سێیەمجار نووسیم باوک: جەستەم

چوارەمجار نووسیم مرۆڤ: ئەوین

ئێستاش تەمەنم پایزە پایز

دەستم دا گۆچان

سەرم کڕنۆشی بۆ خاک دانەوان!!!



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# ژیلەمۆ

تۆ

چەشنی کڵی

روخساری خۆڵەمێشینت سارد و بێتین

بەڵام

دەروونت پۆلووی گەشاوەی ئاگرێکە

باباگوڕگوڕە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

چاوەکانت
کتێبێکە کە هەر نیگاییێک
هەزاران رازی نەبێژراوی
ئەم مێژووە زامارەی تێدا دەبینم
بزەت،بزەی باڵی پەپوولەیە
ژیلەمۆی رۆحی خاک رادەژێنیّ
مەلی تاسەی نیگات
تینووە...................تینووە
بۆ هەڵمژینی
خوێناوی ریحانەی دەم کانی مرادان
هەردەم وێڵوشەیدا دەخولێتەوە
بۆ گوڵی بەیان



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

«...»

بۆ ئەمین گەردیگلانی

**خوا یەکە**

**ئاسمان یەکە**

**رۆژ رووناکە و رووناک**

**مرۆڤ هەر مرۆڤە و بێ برانەوە**

**ژیان هەر ژیانەوەیە و بێ شین**



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هیوا سەوزە، سەوز بێ چرۆ

ئەوین سوورە، سوور بێ هەڵوەرین

ئاسۆمان پەنجەرەیەکە

چاوی هیچ دووربینێ نایبینێ، نا نا !!

شەو هەر تاریکە و تاریک

باڵتەی سەر شانم

هیچ هەنگاوێ نابینێ

تەمە تەم

مرۆڤ و خاک،

رۆژ و ژیان

هیوا و ئەوین

دوو باڵی مەلی عەشقن

دڵۆپ دڵۆپ دەتوێنەوە

بێدەنگ بێدەنگ

بێ شوێن بێ شوێن



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# بزەی ژیلەمۆ

دڵدارەکان!!

گوڵ بۆنیان هەناسەی

خاکە.

پەپوولەش رۆحیان

بزەی خاکە.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تاڤگە چاویان بە کانی هەڵدێ
درەخت
بۆ ماچی باران و
ئاسمان بۆ کۆلکەزێڕینە.
مانگ دەفەیە و
ئەستێرەکانیش دەروێش.
چرای دڵی شاعیرێک
کز دەسووتێ!
ژیلەمۆی بیرەوەریەکانی
لە ناخی کڵی نیوەگیاندا
بە دەم پێنووسی شنەبای شێعرێکەوە
ژانی پشکۆی کوانووی زامەکانی
دەگەشێتەوە؟!!
خۆڵەمێشی لەشی
لە ژێر پێی ڕێبوارێکی
ماندوودا
دەبێتە تۆز و
بەرەو خوا سەفەر دەکا!
ڕێگا دوورە.... دوور
هەر کۆچ دەکەن....



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەتاو

کانی

درەخت

رۆحی سەوزیان

بالْ دەگرێ

بۆ ئاوەدانی...

جالْجالْوولْکە

لە بەر درگای خەیالْی شاعیرێکی

ئەم سەردەمە

رایەلْ و پۆی

وشە دۆزراوەکانی

مێژوو دەتەنێ.

شاعیریش

مەرگی وشەکان

لە بەر دەروازەی

ئاوێنەی روخساری

شەهیدا!

گەردەلوولە.... گەردەلوولە

کە گولْێ سەر دەبڕن



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کە بۆکرووزی باڵی پەپوولەیەک دێ
شەوەژانی شەم و
ژانی توانەوە دەیگرێ
کە بە خەنجەر تێلەکانی
قورگی کانیاو دەبڕن
ئاسکی بزەی لێوی راو دەکەن
گەڕی هەڵپەڕکێی تاڤگە دەوێستێ
کە دارستان
گەڵایەکی هەڵدەوەرێ
کۆترێک
بۆ پرسە خەم دایدەگرێ
کە ئاسمان
بەر گوللەی قەل دەدرێ
پەلکەزێڕینە زامار دەبێ و
هاواری بۆ عەرشی خوا دەبا!!
کە دەفەی مانگ
- پرپرەکانی -
فرمێسک دەڕێژن
ئەستێرەکان حاڵ دەیانگرێ و
لە خۆ دەچن.



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

شاعیریش وەختێ پێنووسەکەی

بوو بە گۆچانی دەستی کەسێ

چی وشەیە

چەمەرچۆپی بۆ دەگێڕن

ئـــای.....

ئــەگــەر........

خاک؟!؟!؟

بۆکان ١٣٨٢/١٢/١٨



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# بۆ زانیاری کوڕم

زانا گوڵەکەم گوێ راگرە بۆم
تا بەیانی کەم دەردی دڵی خۆم
بابت لە مێژە بە تاسەی تۆیە
هیوا و ئامانجی هەناسەی تۆیە
چاوت هەڵێنە بڕوانە جیهان
تۆ رۆڵەی کوردی وا لە کوردستان



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نەمامی ساوای باغچەی ئاواتم
هیوای داهاتووی خاک و وڵاتم
نەمامی شلکی بە رۆندکی چەم
ئاوەدێری کەم تا دێیە بەرهەم
لەو وتە جوانە گوێ بگرە
بە نووکی خامە بسێنی تۆڵە
ئەمن پێت ئەڵێم رۆڵە کە ژیری
زانین فێر بە بۆ کاتی پیری
خوێندن چرایە بۆ رێگای ژیان
تاریکی لابە وەک تیشکی بەیان
ساتێ ژیانی ئازاد و سەربەستی
نەک سەد ساڵ بژی بە دیلی و پەستی



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# تاڤگە

جینگڵ دەدەم لە جێدا هەر شەو تا بەیانی
لە ێر ئەشکەنجە و ئازار دەناڵم لە دەمی ژانی
تۆز و گەردی تەمباری گرتوویە ئاوێنەی دڵ
کوا پەنجەی نەرمی گوڵم بسرێ غەور و تەمانی
جەستەی کز و بێتینم سڕ بوو بە دەردی دووری
کوا ئەوینی دڵدارم تیشکی روخساری جوانی
لە بەر ورشەی ئەستێران رازونیازێ دەکەم
تاڤگەی چاوەکانیشم بەخوڕ دایدا بارانی
فرمێسکی زامی شیر کۆرپەی ساوای بێنازە
کوا دەستی دایکی هەستم هەتوان بکا زامانی
شاعیری ئەویندارییش بە سواری بە گۆرانی
ملوانکەی شێعری هۆنی بۆ کۆرپەی ساوای جوانی

٧٩/٩/٢٠



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# تیشکی بەیان

مەلی ئەسیری قەفەس کوا ئاو و دانی ئەوێ
ئازادی کە باڵ بگرێ، لە چیا ژیانی ئەوێ
چیا و دۆڵ و دارستان، بێدەنگی مەل خامۆشە
ئاوازی خوڕەی هەڵدێر، مەلی خۆشخوانی ئەوێ
گوڵاڵە سوورەی دڵم، سووچی گوڵخانی ناوێ
پڕشنگی تیشکی هەتاو، نەرمە بارانی ئەوێ
«گوڵی»ش ئارەزووی وایە، بە هەوڵ و تێکۆشانی
تاریکی شەو لابەرێ، تیشکی بەیانی ئەوێ

٧٢/٩/١٢



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# سنوری شاعیر

سنووری شاعیر دوور و درێژە
تاڵی و سوێری لە سەر بچێژە
رەورەوەی هیوا دەڕوا بێ وەستان
شەختەی پایزی زوو دێ بۆ بێستان
بولبول و شاعیر هەر دوو هاودەردن
هەر دوو عاشقی ئازادی و هەردن



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بولبول گوڵاڵەی باخی ژاکاوە
بە جەوری خەزان جەرگی سووتاوە
ئەمنیش بە ئێش و ئازاری ئەوین
جەرگم سووتاوە بە خوا کاک «ئەمین»[2]
وەرن ئەمین گیان لە گەڵ «نیساری»[3]
وەک هەڵۆ بژین بۆ کوردەواری
هەر سێ تێکۆشین لە ڕێی نیشتمان
بۆ خۆشی ژیان، بوو بەرزی ئینسان
مەل کاتی بەهار سەرخۆش و مەستە
شاعیریش کاتێ سەری سەربەستە

---

[2] – ئەمین گەردیگلانی
[3] – سەلاح نیساری



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# ئێمەی خاوەن مێژوو..

سەرچۆپی دەگرین
بۆ هەر گێژەڵووکەیەک
بە بزەی هەر درزێک
بزەمان دێ
دەبینە تاڤگەی پێکەنین و
لە خۆشیاندا بێهۆش دەبین
بۆ شایی شای جنۆکان
دەبینە قنگەلاشکی دەم گژەبا



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بۆ هەر کوێی بردین
سەما دەکەین، هەڵدەپەڕین
بۆ ساتەکان
کە ڕێوی گۆرانیبێژ
لایەلایەی بۆ کردین
پەنجێرەی چاومان
هیچ نابیستێ
دەیبەستین.
گوێچکەمان تاریکە و
هیچ نابینێ
هەنگاوەکانی سێبەری شەو
پەپوولەی سەوزمان
پەڵە هەورێکە سەرگەردان
دەگەڕێ گشت ئاسمانی جیهان
بێئارامە
تا نەگاتەوە ئاسمانی کوردستان



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# دەریا

خەونی بارانە
بۆ زەماوەندی خاک
سێڵاوێکی سەرشێتم
شەقاو شەقاو
بە ناو دار و بەرد و رووباردا
لەگەڵ چەپڵەڕێزانی
خیزەڵان و هەڵپەڕکێی ماسیدا
سەفەر دەکەم
بۆ دەریا ــــــــــــ دەریا



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# هەڤاڵ

کەوشەکانم
تەنیا زۆردارێکن
بێئەوەی ئێش و ئازاری
لاقەکانم بیستن
بۆ گۆڕەوشاری پەنجەکان...
هەواڵی راستی گۆرەوییە
لە کاتی گیانکەنیشتا نەبێ
ماڵاوالیی ناکەن
لە بەندی تاریکی قاچەکانمدا....



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

«...»

دەستەکانم دوو کۆترن

کە دەنووکی خامەیان

بۆ چیمەنی سەوزی شێعر برد

دەستی راوچی...

بە رەنگی سووری چاوی پێنووس

لێوی شێعر دەڕێژن

بۆ زەماوەندی بووکی بەیانی!



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# باخچەی هەرمانی موکریان

کوردستان مەکۆی شێعر و خامەیە
جێگای پەخشان و وانە و چامەیە
کانی سازگار و دیمەنی جوانی
موسیقای تاڤگە و سروەی بەیانی
ئەمانە هەمووی ئەوینی دڵن
ئاوێنەی پاکی بێگەردی گوڵن
باغچەی شاعیران وا پڕ لە رازە
پڕ لە گوڵی جوان، رازاوە و تازە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

مەڵبەندی زانین خۆشە موکریان
جێگای ئەدیب و حوزنی موکریان
سڵاو مام هەژار بە گەرمە شینێ
هەواڵ بنێرێ بۆ مەم و زینێ
مەلای جزیری و خەیام بە کوردی
زۆر بڵیندترە لە چیای هەڵگوردی
مامۆستای شێعر هەر ئەتۆی هێمن
ناڵەی جودایی هەتوانە بۆ من
تاریک و روونت زەریای بێبنە
سەرچاوەی روونە وەک ئاوی زنە
یادی بەخێر بێ حافزی دانا
لە سەختی ژینا، دوو چاوی دانا
بێبەهرە نەبوو بۆ کوردەواری
دیاری مەهابادی هێنا بە دیاری
ئاخ بۆ ئاواتم لەگەڵ خاسەکەو
بێشکەی ئازارم راژێنێ بە شەو
شێعری شاری دڵ مەرهەمی زامە
بۆ باسی جوانی خامەکەم خامە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سوارە نوێخواز و شاعیری ناکام
ڕێبازی خۆی گرت تا گەییە ئاکام
خەوەبەردینە لەگەڵ شێعری شار
گوڵی سەرچڵن لە باخچەی بەهار
وەک بەحری بێبن غەواسی ئەوێ
مەلەوانی ئەوێ و لەپێ نەکەوێ
نەسر و چیرۆکی قزڵجی جوانە
وەک ئاوی هەڵدێر ساف و ڕەوانە
داخ و مەخابن ئەو ژیرەپیاوە
لە دنیای ژینا قەت نەحەساوە
یادگاری هێدی کاروانی خەیاڵ
زۆر بەرزەفڕە هەڵۆی وا تیژباڵ
هەوێنی ئەوین دەرسی نیشتمان
ڕندۆکی خامەی لە چاوان ڕژان
شەونم حەقیقی و کۆلکەزێڕینە
شێعری دارە بووز گەرمی ئەوینە
بێسەر و شوێنە پسپۆڕی زمان
نامرێ و زیندووە و تا ئاخر زەمان



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

قامووسی نووسی بە بیری وردی

زەبیحی ئەتۆ، بیرمەندی کوردی

مەلاکەریم و بووکی گۆڕستان

راوچی بێوێنە لە چیا و لە کوێستان

پێنووسی هەستی وەسێتی ژیان

زیندووی کردەوە، رابردووی هەستان

کێ هەڵۆئاسا ژیا لە ژینا

موریدی حەقە لە رێی ئەوینا

نامرێ لە مێژوو ناوی بە چاکە

کێ سەربەست ژیا، لەسەر ئەم خاکە



This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com